# بۆچی من پشتیوانی لە پرۆژەکەی ٣ پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ناکەم بۆ چاککردنی پرۆژەی خانەنشینی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان

عەلی مەحموود محەمەد

لە مانگی سەپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٩ دوو بابەتم لەسەر گۆڕینی یاسای خانەنشینی پەرلەمانتاران و وەزیرەکان لە هەرێمی کوردستان نووسی , تیایدا هەمان ئەو داوایانەی کە ئێستا ئەو ٣ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەی لیستی گۆڕان داوای دەکەن خستمە بەر چاو بە نووسین نەك بە پرۆژە خۆشبەختانە بە دوایدا نزیك ٥٠ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیش پشتیوانیان لەو بۆچونە کرد و کەمپینیان پێك هێنا و داخوازەکەیان خستە بەردەم پارلەمان , خۆزگە لەو کاتەدا ئەم ٣ پارلەمانتارە بەڕێزانە پشتیوانیان لەو داواکارییە بکردایە و پەلەیان بکردایە لە نووسینی ئەو پرۆژە یاسایە.

ئێستا پاش ئەوەی هەواڵی خۆ خانەنشینکردنی ئەم بەڕێزانە لە هەمان لیستی گۆڕانەوە دزەی کردە ناو راگەیاندنەکان کە ٦ پەرلەمانتاری لیستی گۆڕان بە نیازن پاش تێپەڕ بوونی ٢ ساڵ بەسەر ئەندام بوونیان لە پارلەمانی کوردستان خۆیان خانەنشین بکەن بە ٨٠% موچەکەیانەوە (یەکیان مافی خۆی بوو ٦ ساڵ پەرلەمانتاری بەڕێ کردبوو ) , ئیتر ئەم هەولە وەك ئاگر لە پەرێزدان بە کۆمەڵگادا بڵاو بووەوە و نارەزایەتی زۆری درووست کرد , چونکە ئەگەر یاسای خانەنشینی پارلەمانتارانی کوردستان نا مەنتقی و نا دادپەروەرانە بوو تا ئێستا , ئێستا ئەم فێڵە سیاسیەی ئەم پارلەمانتارانە زیاتر گۆمی نا دادپەروەری لە جیاوازی موچەی دە شلەقاند ئەگەر هەواڵەکە راست بووایە !!!, دوای ئەوەی ئەو ٣ بەڕێزە کەوتنە بەر رەخنەی هاووڵاتیان و کەمپین لە دژی نا دادپەروەری لە موچە کرایەوە , ئەوانیش بۆ خۆ پەڕاندنەوە لەو رەخنانە بڕیاریان دا پڕۆژەیەك بۆ یاسای خانەنشینی وەزیران و پەرلەمانتاران بنووسنەوە و پێشکەش بە پارلەمانی بکەن , بەڵام من پێم باشتر بوو لە بڕی نووسینەوەی ئەم پرۆژەیە بەو خێراییە روونکردنەوەیان بدایەو ئەگەر هەڵەیەکی وایان کردووە داوای لێبوردنیان بکردایە ئەگەریش نا وەڵامی مەنتقی بەس بوو, رەخنە لە خۆگرتن باشترین تازەگەرییە لە سیاسەت بە داخەوە لە کوردستان بوونی نییە نەك هەنگاوی دیماگۆگیانە بە موزایەدەی سیاسی هەڵە بشاردرێتەوە , نازانم کەی سیاسییەکانی کورد فێر دەبن دان بە هەڵەکانیان بنێن !!!!! , بۆ جارێکیش بووە رەخنە لە خۆیان بگرن .

من لەو بەڕێزانە دەپرسم :

- ئایا لەو کاتەوەی موقاتەعەی پارلەمانیان کردووە و بە هەڵوێست وەرگرتن ناویان بردووە , موچەی پەرلەمانتاریان وەرگرتووە؟؟؟ , ئەگەر وەریان گرتووە بۆچی , لە بەرامبەر دەوام نەکردن موچەکانیان وەرگرتووە ؟؟, ئایا ئەمە بە چی ناو دەبەن ؟؟؟؟.

- بە پێی زانیاریەکان داوای ئیجازەیان لە سەرۆکی پارلەمان کردووە تا ماوەی یاسایی خانەنشینی دەوامیان دەگاتە ٨٠%,ئەگەر وایە ئەم کارەیان بۆ کردووە ؟.

- ئایا ئەم کەمپین و یاسایەیان بۆ پێش ئەو هەواڵانەی بڵاو کرایەوە کە گوایە بە نیازی خۆ خانەنشینکردنن رانەگەیاند و نە نووسییەوە ؟؟؟ , تا لەو کاتەدا نەك بە یەك پەنجە بە هەر ١٠ پەنجە بۆیان مۆر بکەین و بڵێین هەی ئافەرین بۆ خۆتان و پرۆژە یاساتان .

بۆیە من پێم وایە بۆ ئەوەی جیابونایە لە سیاسییەکانی دیکە , باشترین کار کە دەبوایە ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە بیان کردایە رەخنە لە خۆ گرتن بوو و دانە بە هەڵە کردن بوو نەك نووسینی پرۆژە و کەمپین راگەیاندن !!!! , هیوادارم لە داهاتوودا ئەم رێگایە بگرنە بەر ئەگەر گرانیش بێت .